فڕۆکە ئەمریکی و ئیسرائیلیەکان زنجیرەیەك هێرشی ئاسمانیان بە سەر یەمەن ئەنجامدرا

گروپی حوسییەکان ڕایگەیاند، زنجیرەکە هێرش لە لایەن فڕۆکە ئەمریکی، ئیسرائیلی و بریتانییەکانەوە بە سەر ناوچە جیاوازەکانی سەنعای پایتەختی یەمەن و پارێزگاکانی عەمران و حودەیدەیان ئەندامدراون، سوپای ئیسرائیلیش دڵت، "ئامانجە سەربازییەکانی حوسییەکانمان لە ڕۆژئاوا و ناوڕاستی یەمەن بەردومان کردوە".

میدیاکانی سەر بە گروپی حوسیەکان، ئەمە هەینی بەاویانکردەوە، زنجیرەیەک هێرشی ئاسمانی بە سەر شوێنە جیاوازەکانی سەنعای پایتەختی یەمەن و پارێزگاکانی عەمران و حودەیدەیان ئەندامدراون.

ئاماژەی بەوەشکرد، "هێرشەکان بە هاوبەشی لە لایەن فڕۆکە ئەمریکی، ئیسرائیلی و بریتانییەکانەوە ئەنجامدراون، ژمارەیەك ناوچەی گرنگی ستراتیژییان بە ئامانج گرتوە، لەوانەش شوێنە سەربازی و مەدەنییەکان، جگە لە دەوروبەری بەندەری حودەیدە".

بەگوێرەی میدیاکانی حوسییەکان، "نزیکەی 30 هێرش بە سەر دامەزراوە سەربازی و مەدەنیەکان

ئەنجامدراون، کە پەدەچێت کەگاکانی چەک لە سەنعای تەدابێت، جگە لە ناوچەکانی نیشتەجێبوی لە پەراوێزی پایتەختن.

ئەوەشی خستەڕو، هێرشەکان دەوروبەری بەندەری هاس عیسا و دامەزراوەکانی نزیک بەندەری حودەیدەشی بە ئامانج گرتووە، کە خوێنهێنەری گرنگە بە دابینکردنی خۆراک و سوتەمەنی بە یەمەن.
سەرچاوە حوسییەکان ژمارەی وردی زیانەکانی مرۆڤیان ڕانەگەیاندوە، بەڵام ئاماژەیان بە زیانەکی ماددی بەرچاو کردوە.

لای خۆیەوە سوپای ئیسرائیل ڕایگەیاند، ئامانجە سەربازییەکانی حوسییەکانیان لە ڕۆژئاوا و ناوەڕاستی یەمەن بەردومان کردوە.
کەمپانیای پەخشی ئیسرائیلیش دەڵێت، "ئیسرائیل بەشداریی لە هێرشەکانی ئەمریکا و بریتانیا بە سەر یەمەن کردوە".

ئاژانسی هەواڵی ئەڵمانی ڕایگەیاند، هێرشەکان هاوکات بوە لەگەڵ گەیشتنی جەماوەرەکی زۆر بە گەڕەپانی سابین بە بەشداریکردن لە خۆپیشاندانەکانی "پشتیوانی لە غەززە".